دیاری کەمال ڕاهێنەری گۆڵچییان

# ئەگەر کار وا بڕوات پاش دووساڵی دیکە هەولێر کێشەی سەرەکی گۆڵچی دەبێت

**دیار کەمال ئەسعەد تەمەن ٣٠ ساڵ لەدایك بووی شاری سلێمانی و دانیشتووی شاری هەولێرە، خێزاندارەو کوڕێکی هەیە بەناوی (میر)،ئەرکی ڕاهێنەری گۆڵچی چەندین یانەی گرتۆتە ئەستۆ کە دوا ئەرکی ڕاهێنەری گۆڵچیەکانی هەولێر بوو، ئێستا قوتابی ماستەرە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین، ئێمەش لە گۆڤاری گوڵان بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیی لەگەڵ سازبدەین.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** لەم دواییەدا لە کوردستان بووی بە نوێنەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ڕاهێنەران لە سوێد ئەمە چۆن بوو؟**

- من ماوەیەکی زۆرە پەیوەندیم هەیە لەگەڵ ئەو پسپۆڕ و زانایانەی لەم ڕێکخراوە کاردەکەن کە لە وڵاتانی سوێد و ئیتالیا و ئیمارات پێکهاتوون و داوایان لێکردم ببمە نوێنەریان تا بتوانین خولێکی مەشقکردن بۆ ڕاهێنەرانی کوردستان بکەینەوە و خزمەتی زیاتر بە وەرزش بکەین ئێمەش وەکو ڕاهێنەران دانەبڕێین لە زانستی تازەی مەشقکردن.

*** ئەو خولی مەشقکردنەوەی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان پێی هەستا تا چەند سوودی بۆ ئێوە هەبوو ؟**

- سودێکی ئەوتۆی نەبوو چونکە تایبەت نەبوو بە ڕاهێنەری گۆڵچیەکان و مەشقەکان زۆر سادەبوون، بەڵام وەك قۆناغی یەکەم دەستپێکێکی چاکە،دەبێت دەستخۆشیان لێبکرێ.

*** بۆ یانەی هەولێرت جێهێشت لە کاتێکدا ئەو جێگایە خەونی زۆربەی ڕاهێنەرانە؟**

- زۆر بەراستی وەڵامت دەدەمەوە دوو هۆکار وایان کرد یانەی هەولێر جێبهێڵم و لە ڕاهێنان دووربکەومەوە، یەکەم سەرقاڵ بوونم بە خوێندن چونکە تەرخانکردنی کاتی پێویستە دووەم نەگونجانی بیروبۆچون و بیرکردنەوەی من لەگەڵ بیرکردنەوەی کلاسیکی ڕاهێنەری ئەوکاتە.

*** بەتەمانیت بگەڕێیتەوە یانەی هەولێر.؟**

- من بۆ چەند مانگێکی تر پرۆژەی توێژینەوەکەم تەواو دەبێت هەتا ئەو کاتە ناتوانم هیچ بڕیارێك بدەم، بیرم لەوە نەکردۆتەوە لەگەڵ هیچ یانەیەك کاربکەم، داهاتووی من لە بڕوانامەکەمدا دەبینمەوە کارکردن لە یانەکان کاتیە و هەمووی بەسەر دەچێت تەنها شتێك بمێنێتەوە بڕوانامەیە.

*** واتە تەنیا لە ناوەندی زانکۆ وەك مامۆستا وانە دەڵێیتەوە؟**

- ئەگەر خوا سەرکەوتووم بکات دوای تەواوکردنی توێژینەوەکەم، حەزدەکەم کتێبێك لەسەر گۆڵچیە بەناوبانگەکانی شارەکانی کوردستان ئامادەبکەم ناو و وێنەیان تۆمار بکەم بۆئەوەی لەداهاتوو ناویان بزر نەبێت،ئەمە یەکێکە لە ئاواتەکانم

*** ڕات چیە بەرامبەر دەستەی کارگێڕی یانەکان؟**

- من ئەو مافە بەخۆم نادەم هەڵیان بسەنگێنم ئەوە کاری من نیە، بەڵام دەڵێم ئەو کەسەی دەبێتە ئەندامی کارگێری یانەیەك دەبێت مێژوویەکی پاکی هەبێت و ناسراوبێت لە ناوەندی وەرزشیدا نەوەك لە (ئەلف و بائی) وەرزش نەزانێ و بەهۆی ڕێکەوت و کوتلەکاریەوە خزیبێتە ناو وەرزشەوە و ناوەندەکەش بۆگەن بکات.



*** لەزۆر شوێن و لەگەڵ زۆر کەس کارتکردوە،بۆیە دەپرسم کارکردن لەگەڵ چ قۆناغێك خۆشە و لەگەڵ کام ڕاهێنەر زۆر دەگونجێی؟**

- کارکردن لەگەڵ لاوان زۆر خۆشترە لە قۆناغەکانی تر چونکە جێدەستت دیار دەبێت و دەتوانی بناغەی باشی بۆ دابنێی وەکو پێشکەوتوان نییە کە لەسەر زۆر هەڵە پەروەردەبوون چاکردنەوەیان ئەستەمە، لەگەڵ ڕاهێنەرانیش لەگەڵ (سەمیر بابۆ) زۆر دەگونجام و دەستکەوتی باشمان پێکەوە تۆمارکردووە.

*** وەکو دیارە توێژینەوەکەت دەبێتە یەکەم توێژینەوە لەکوردستان کە لەسەر گۆڵچی کرابێ دەکرێ باسێکی ئەمە بکەیت؟**

- من ئێستا لە قۆناغی تەواو بوونی لایەنی پراکتیکی پرۆژەکەمم و چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی کارامەیی زۆربەی زۆری گۆڵچیەکانم کردووە دوو لایەن دیراسە دەکەم لایەنی کارامەیی (مهاری) لایەنی دەرونی (نفسی) هیوام وایە ببێتە مایەی سوودبەخش بۆ ڕاهێنەرانی گۆڵچی و دیاریکردنی کەموو کورییەکان ئەگەر هەبێت، دۆزینەوی چارەسەر بۆیان.

*** بۆچی هەڵبژاردەی کوردستان ڕاهێنەری گۆڵچیان نییە؟**

- خۆزگە ئەو بەرپرسانەی کە لەگەڵ یاریزانان سەفەر دەکەن و لە پێشەوەی کورسی یاریگاکان دانەنیشن و بەواژوویەك وەرزش سەراوگێڕ دەکەن وەڵامی ئەو پرسیارەیان بدایەتەوە کە بۆچی هەڵبژاردەی کوردستان ڕاهێنەری گۆڵچی نیە، ئەمڕۆ لە کوردستان ڕاهێنەری گۆڵچی بەتوانامان هەیە کە خاوەنی ئەزمونی زۆرن بۆ بێبەشیان دەکەن لەو هەلە.

*** بەڕای تۆ وەرزش بۆتە هۆی باشبون و زامنکردنی بژێوی ڕاهێنەران؟**

- نەخێر،چونکە ڕاهێنەر کاری تایبەتی خۆی دەکا ئینجا ڕۆژانە مەشق بە تیپ دەداتەوە واتە ناتوانی هەموو کاتی خۆی بۆ تیپەکەی تەرخان بکات، لەڕاستیدا ئێمە وەکو زۆربەی لایەنەکانی ژیانمان لە وەرزشیشدا دواکەوتوو و ماڵ وێرانین، بۆیە هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم بتوانین بەرەوپێش بچین.

*** بۆچی لە شاری هەولێر دروست بوون و سەرهەڵدانی گۆڵچی بەشێوەیەکی بەرچاو نیە؟**

- هەیە، بەڵام بناغەمان باش نیە، واتە گۆڵچی دەبێت دەرچووی قوتابخانەیەکی وەرزشی بێت، بۆیە دەبێت هەرچی زووە بیر لەدامەزارندنی قوتابخانیەك بکرێتەوە کە گۆڵچی تێیدا پەروەردە بکرێ و لە منداڵیەوە مەشقی پێبکرێ، ئێمە گەر بمانەوێ گۆڵچی بە خۆڕسك دروست بێت ئەوا بەهەڵەداچووین، گەر کار وابڕوات هەولێر دوو ساڵی تر کێشەی سەرەکی گۆڵچی دەبێت.

***دوا وتەت؟**

- سوپاسی یانەکان دەکەم کە زۆر یارمەتیان دام بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی توێژینەوەکەم، سوپاس بۆ یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کە پشتگیری خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاری کردنم سوپاس بۆ ئێوەش هیوادارم گۆڤاری گولان هەر لە پێشکەوتن دابێت لە خزمەت کردنی وەرزش لە کوردستان.

(دیار رەحمان) یاریزانی تۆپی پێی یانەی هەولێر

# یانەی هەولێر کوردستانی بە جیهان ناساند

**(دیـار رەحمـان )لـە دایك بـووی سـاڵی (١٩٨٧)ی شـاری هەولێرە، سـەرەتای دەسـتپێكردنی لـە بـواری وەرزشـی لە تیپـی میللیی هەڵگورد، ئینجا چۆتە یانەی بروسك تاكو ئێستاش لە خولی نایابی كوردستان یاری بۆ ئەم یانەیـە دەكات، لە تەمەنێكی بچوكەوە توانیویەتی ئاستێكی بەرز نیشـان بـدات، هەروەها لە چەند یانەیەكی كوردستان یـاری كـردووە بـۆ خولی عێراق، وەك (زاخۆ، كەركوك، ئارارات)، ئێسـتاش بۆ خولی نایابی عێـراق و خولی یانە پاڵەوانەكانـی ئاسـیا یاری بۆ یانەی هەولێـر دەكات.بۆ ئـەم مەبەسـتەش ئێمەش بە جاكمانزانی ئـەم دیمانەیەی لەگەڵ سـاز بدەین.چەند پرسیارێكی ئاراستە بكەین.**

***ئاستی ناوبژیوانانی كوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**
- لە راسـتیدا ناوبژیوانانی كوردستان ئاسـتیان زۆر باشە لە بەڕێوەبردنی یارییەكان، هیوادارم لـە داهاتوودا ناوبژیوانان لە ئاستێكی بەرزتر بیان بینین و بەراستیش جێگەی دەستیان دیارە بۆ سەرخستنی هەر خولێك، داواكارم خول و راهێنانی زیاتریان بۆ بكرێتەوە و یارمەتی ماددی مەعنەوی بدرێن.

***جگـە لەوەی تۆ یاری بۆ یانـەی هەولێر دەكەی لە خولی نایابی عێراق و خولی یانە پاڵەوانەكانی ئاسیا، یاری بۆ یانەی وەرزشی بروسـكیش دەكەی ئایا ئەمساڵ ئاستی تیپی یانەی وەرزشی بروسك چۆن دەبنیت؟**
- بەڵی بۆ یانەی وەرزشی بروسك یاری دەكەم، یانەی بروسك ئەمساڵ ئاسـتیان زۆر زۆر باشـە، پاڵەوانی ساڵی رابردوون هەروەها ئەمساڵیش پێشەنگی خولی نایابی كوردستانن، هیوای سەركەوتنیان بۆ دەخوازم لە سەرجەم یاریەكانی داهاتوویاندا.

***وەكو پاڵەوانی دوو وەرزی رابردووی خولی نایابی عێراق ئایا یانەی هەولێر دەتوانێت پارێزگاری لەم نازناوە بكات؟**
- بەڵـی بێگومان، بەردەوامیش هەوڵ دەدەین بۆ ئەم سـاڵیش بۆ جاری سـێیەم لە مێژووی تۆپی پێی عێراق نازناوی خولی نایابـی عێراق بە دەسـت بهێنین و پارێزگاری لـەم نازناوە بكەین.

***ئایا ئاسـتی یاریزانە كوردەكان چۆن دەبینین لە یانەكەت لە بەرامبەر ئاستی یاریزانە عەرەبەكان؟**
- بێگومان ئاستی یاریزانە كوردەكان زۆر بەرزە هیچ جیاوازیەك نییە لەگەڵ ئاستی یاریزانە عەرەبەكان.

***تا چەند بە ئاستی یانەی وەرزشی هەولێر گەشبینی؟**
- لە خولی نایابی عێراق ئاسـتمان زۆر زۆر باشـە، بەڵام لە خولی ئاسـیا ئاسـتمان وەكو پێویسـت نیبە، پەنا بەخوا و بە سەرجەم یاریزانانی یانەكەمان لە یارییەكانی داهاتوودا ئاستمان بەرزدەبێت و قەرەبووی یارییەكانی رابردوو دەكەینەوە.

***پەیامت چیە بۆ هاندەران و جەماوەری وەرزشـی كوردستان بەگشتی یانەی هەولێر بەتایبەتی؟**
- پەیامی من بۆ جەماوەری یانەكەم ئەوەیە كە بەدڵێكی فرەوان و روحێكی بەرزی وەرزشی هانی یانەكەیان بدەن دوور لە كاری ناشرین و شەڕانگێزی، هەروەها هیوادارم لە یارییەكانی خولی یانە پاڵەوانەكانی ئاسـیا ئەنجامێكی باش بەدەسـت بهێنین و دڵی جەماوەرە بە وەفاكەمان دڵخۆش بكەین.

***ئەگەر هاتوو راهێنەر(سـائیر ئەحمەد)ئەنجامێكی باشی بە دەسـت نەهێنا لەگەڵ یانەی هەولێـر لە خولی یانە پاڵەوانەكانی ئاسیا ئایا نابێتە هۆی دوورخستنەوەی لەلایەن دەستەی كارگێڕی یانەی هەولێر؟**
- ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسـتەی كارگێڕی یانەی هەولێر، ئەو كاتەی (سـائیر ئەحمەد) ئەگەر هاتوو نەیتوانی ئەنجامێكی باش بە دەست بهێنێت ئەوسـا دەستەی كارگێڕی یانە خۆیان بڕیار دەدەن.

***پێناسەی یانەی وەرزشی هەولێر لای تۆ چۆن دەكرێت؟**
- بێگومان یانەی هەولێر یانەیەكی بەناوبانگی عێراق و خاوەن هاندەرێكی بێ وێنەیە و خـاوەن چەندین نازناوی مەزنە، ئەم یانەیە كوردستانی بە وولاتانی دەرەوە ناساند.

***بە كامە یاریزانی ناوەخۆ و دەرەوە سەرسامی؟**
--- لە ناوەخۆ بـە یاریزانی یانەكەمان (احمـد كوبـی ) لـە دەرەوەش بـە ئەسـتێرەی تۆپی پێـی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی (لیۆنێل میسی )سەرسامم.




***هانـدەری ج هەڵبژاردەیەكـی جیهان و كام یانەشت خۆش دەوێ؟**
- لـە هەڵبـژاردەكان هانـدەری ئەڵمانیام، لە یانەكانیش یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیم خۆش دەوێ.

***دوا ووتەت؟**
- لـە كۆتاییـدا زۆر سوپاسـی ماندووبوونتـان دەكـەم، دەسـت خۆشی لە هەفتە نامـەی گوڵان دەكـەم بـۆ ئەم دەرفەتـەی كە پێتان بەخشیم ئومێدەوارم هەردەم سەركەوتووبن لە كارەكانتان بۆ خزمەتكردنی وەرزش لە كوردستان.

## دێڤید جێمس:

# شەرمەزاریە بۆ ئەو گۆڵچیەی کە لە هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە نزیک دەبێتەوە کە لە یانەکەی خۆی وەکو یەدەگ یاری دەکات

**سەرەڕای بوونی گۆڵچی بە ئەزموون دێڤید جێمس، بەڵام تا ئێستاش هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بۆ گۆڵچی دەناڵێنێ، چونکە دێڤید جێمس ئاستی لە دابەزیندایە و هەندێ جاریش بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوودا ئاستی بەرز دەبێتەوە تیپەکەی بەرەو لووتکە بەرز دەکاتەوە و دەبیتە هۆکاری سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە گەر سەیری مێژوو بکەین ئینگڵتەرە چیرۆکی باشترین گۆڵچیمان بۆ دەگێڕێتەوە نەوەك لە وڵاتی ئینگڵتەرە بەڵکو لە جیهان لەوانە گۆردن بانکس و پیتەر شیلتۆن و رای کلیمنس و دێڤید سیمان، بەڵام ئەم ناوانە نەماون تەنیا دێڤید جێمس لە گۆڕەپانە کە ماوەیەکی زۆر ئارامی گرت، سەرەتا دوورخرایەوە، بەڵام دواتر لەبەر پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز نەبوونی یەدەگی باش بە توندی گەڕایەوە هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە دێڤید جێمس توانی یانەی بۆرتسمۆس بەرەو لووتکە ببات سەرەڕای ئەوەی تەمەنی (٣٨) ساڵە و نازناوی جامی ئینگڵتەرەی وەرزی رابردووی بردەوە و هەروەها خەون بەوە دەبینێ کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە و بەشداری مۆندیاڵی ٢٠١٠ بکات گەر توانی پارێزگاری لە ئاست بەرزی ئێستای بکات، ئێمە لەبەر گرنگی ئەو دیمانەیە بە باشمانزانی بۆ هاندەرانی ئینگڵتەرە لە فایلی وەرزش بڵاوی بکەینەوە.**




*** ئینگڵتەرە توانی باشترین گۆڵچی لە جیهان دروست بکات لە مێژووی ئەو یارییە لەوانە بانکس و شیلتۆن و سیمان وا دیارە ئێستا کانیاوەکان وشك بوون، ئایا تۆش لەگەڵ ئەم بۆ چوونەی؟**

- دەڵێم ئێستا زۆر گۆڵچی باش هەن و تەمەنیشیان بچووکە، بەڵام من لەگەڵ بۆچوونی تۆم گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر هاتووە و ئێستا ژمارەیەکی باشمان لەو گرلچیانە نییە و ئەو ژمارەیەش درۆ ناکات چونکە زۆربەی زۆری گۆڵچییەکانی خولی نایابی ئینگڵتەرە لە دەرەوەی ئینگڵتەرەن و گۆڵچیەکانی ئێمە وەکو گۆڵچی سەرەکی یاری ناکەن، لە وەرزی ئەمساڵ تەنیا سێ گۆڵچی خەڵکی ئینگلتەرە یاری دەکەن لەوانە کریس و رۆبەرت و جۆهارت کەچی ئەم لیستە زۆر کەمە و خولی پلە یەکیش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پلە نایابەکان نییە تەنیا (٩) گۆڵچی یاری دەکەن.

*** ئەم کێشەیە راهێنەر فابیۆ کاپێلۆ و یەکێتی تۆپی پێی ئینگڵتەرە نیگەران دەکات، ئەمە وا نییە؟**

- وای بۆ دەچم هەڵەیەك لە شێوازی مەشقی یانەکان هەیە، ئێمە ماوەی (١٥) ساڵە راهێنەری تایبەت بە گۆڵچییەکانمان هەیە و دەیانتوانی چەندین گۆڵچی دروست بکەن، پێشتر باشترین گۆڵچییەکانی جیهان لە ئینگڵتەرە بوون و من وای بۆ دەچم ئەمەش بۆچوونی جەماوەریش بێت، ئەوەش لەبیر



نەکەین گەر هاتوو پاڵپشـــتی هەندێکیان بکرێت ئەوا گۆڵچی باشیان لێ دەروست دەبێت.

*** جۆ هارد نموونەی ئەو قســانەیە کە گۆڵچییە لاوەکان تووشــی دەبن هاورد لە مانچستەر سیتی لە وەرزی ئەمســاڵ ئاستێکی بەرزی نیشاندا، بەڵام لە کاتی گواســتنەوەی یاریزانەکان لە وەرزی زستاندا جۆهاورد شــوێنی خۆی لە دەستدا و یانەکەی بۆندێکی لەگەڵ گۆڵچی ئێرلەندی بەســت ئەمەش کێشەی سەرەکی گۆڵچییەکانی ئینگلتەرەیە کە رووبەڕووی دەبنەوە؟**

- بە تەئکید و بێ دوو دڵی دەڵێم ئەمە کێشەی سەرەکی ئێمەیە، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە خاوەنە نوێیەکانی مانچســـتەر سیتی زۆر دەوڵەمەنـــدن دەتوانـــن گۆڵچی باش بێنین و پێویســـتیان بە خۆ ماندووبوون نییە لەگەڵیاندا، جۆ هارد دەیتوانی لە ٦ تا ١٨ مانگی دیکە ســـەرکەوتووانە بەرگری لە یانەی مانچستەر سیتی بکردبایە و شوێنی خۆی بۆ ئێرلەندی جیسنە جیڤن جێ دەهێڵێ، من وای بۆ دەچم گەر ئێرلەندی نەبوایە لە ئوسکتلەندە یان لە وێلز یان لە فەرەنسا گۆڵچییان دەهێنا، چونکە ئێمە لە وڵاتی خۆمان بە پلە دوو سەیر دەکرێین ئەو گۆڵچیەی لە دەرگای هەڵبژاردەی ئینگلتەرە دەدات لە یانەکەی وەکو گۆڵچی یەدەك یاری دەکات، ئەمەش بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی گۆڵچی ئینگلتەرە نییە.

*** هەڵبژاردەی ئینگلتەرە پشت بە تۆ دەبەستی سەرەڕای ئەوەی تەمەنت (٣٨) ساڵە، ئایا بیر لە وازهێنان ناکەی؟**

- نەخێر بەهیچ شـــێوەیەك، هەست بەوە دەکەم کە ئاستم لەبەرزبوونەوە دایە و توانای جەستەم و باری هونەریم زۆر باشـــە من کە توانای ئەوەم هەیە وەکو گۆڵچییەکی سەرەکی یار بکەم ئەوە بەردەوام دەبم و هەســـتیش بەوە دەکەم کە ئێســـتا لە دایکبوویمە و هاتوومەتە دونیاوە و هەڵی زۆرم لەپێشـــە دوای ئەوەی گەڕامەوە ڕیزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم، دەبێ ڕاستگۆم لە قسەکانم من پێش دوو ساڵ وای بۆ دەچووم کە من کۆتاییم پێهاتووە و باوەڕم نەدەکردەوە جارێکی دیکە ڕاهێنەر ستیف ماکلارین منی گەڕاندوە و متمانەی ڕاهێنەری ئیتاڵی فابیو کابێلـــۆ جارێکی دیکە بە منەوە چاوەڕواننەکراو بوو لای من، بۆ من ڕۆژێکی تازە لەگەڵ ڕاهێنەرێکـــی تازە دەســـت پێدەکەمەوە، بۆیە من تێنوی یـــاری نێودەوڵەتیم من حەزم دەکرد لەگەڵ یانەکەم نازناو دەســـتکەوتی باش بە دەست بهێنم، بەڵام گۆڕەپانی نیودەوڵەتی جوان و ڕۆناکتـــرە و ئەوەی من چاوەڕوانی دەکەم بەشـــداری لەگەڵ وڵاتەکەم بکەم لە مۆندیالی (٢٠١٠) لە باشووری ئەفریقیا و هیوادارم ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ.

*** هەلی گەیشـــتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بۆ مۆندیالـــی ٢٠١٠ زۆر بەهێزە و ئەو کات تەمەمنت دەبێتە (٣٩) ســـاڵ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دووربخرێتەوە و تۆ لە ئاستێکی بەرز دایت؟**

- پێشـــتریش بیرم لەوە نەکردۆتەوە، ئەوەی دەمەوێ ئێستا بگەمە مۆندیال و ئاستێکی بەرز نیشان بدەم و زۆر کەسیش دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە وازبهێنی، بەڵام دەمەوێ بگەمە لووتکە دواتـــر واز بهێنم، بەڵام ئـــەم وتەیە لەبیر بکە و نامەوێ خۆم بدەمە ئەم مەســـەلەیە، گەر گەیشتمە لووتکە لووتکەیەکی دیکە هەیە دەبێ بەسەری زاڵ بم دوای مۆندیالی ٢٠١٠ و نۆرەی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای ٢٠١٢ کە دەکاتە دوای دوو ساڵ لە مۆندیال و دەمەوێ بەشـــداری بکەم، واش بۆ دەچم کە ڕکابەری تازەم بۆ دروست بێت و ڕکابەرییم بکەن، بەڵام من ئامادەی گشت بەرەنگارییەك دەبمەوە.

*** ئەو کاتەی منداڵ بوویت بەکێ سەرسام بوویت، ئایا دێڤید سیمان نەبوو؟**

- نەخێر ئەو گۆڵچیەی پێی سەرســـام بووم و هاندەری ســـەرەکیم بوو (بروس گروبیلار)ی گۆڵچی یانەی لیڤەرپوول بوو کە لاو بووم هاندەری یانەی لوتن تاون بووم کە لە پلە نایابەکان یـــاری دەکرد و حەزم دەکرد ئامادەی یارییەکانم بم بە تایبەتی کە بەرامبەر لیڤەرپوول یاری دەکرد و خۆشحاڵ بووم کە هەر کاتی (بروسم) دەبینی، من تەنیا گۆڵچیم خۆش نەدەویست

بەڵکو یاریزانی هێرشبەر (سیریل ریجیس)م خۆش دەویست.

*** ئایا وەکو ( گرۆبیلار)ی گۆڵچی لیڤەرپوول توانای گەڕاندنەوەی لێدانی سزات هەیە و دەتوانی لاسایی بکەیتەوە کە لە کۆتایی جامی ئەوروپا قاچەکانت بجولێنی؟**

- نەخێر، شێوازی من جیاواز دەبێت و من شێوازێکی تایبەتی خۆم هەیە و نامەوێ ئاشکرای بکەم ئەمەش پەیوەندی بە متمانە هەیە و بە بەردەوامی هەست دەکەم کە متمانەم زۆر بە خۆم هەیە پێش لێدانی تۆپەکە سەیری یاریزانەکە دەکەم لە کاتی وەستانی لەسەر تۆپ ئەو کات بیر دەکەمەوە لە خەیالی خۆم دەڵێم ئەو پەناڵتیە دەگەرێنمەوە و لە ماوەی چەند ساڵێکی رابردوو چەندین سزام گەراندۆتەوە.

*** گرنکترین پەنالتی کە گەڕاندۆتەوە؟**

- ئەو کاتەی لە لیڤەرپوول بووم دژی ئەرسنال ئەمەش یەکەمین سزا بوو لە خولی یانە پلە نایابەکان و یارییەکەشمان بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ بردمانەوە و بەم پەنالتیە لیڤەرپوولم رزگار کرد و قەت لە یادم ناچێت و چەندین پەنالتی دیکە هەیە لە جامی یانە پیشەگرەکان گەڕاندۆتمەوە، لە هەمووی گرنکتر ئەو پەناڵتیەی دژی مانچستەر یۆنایتد کە توانیم یانەکەم رزگار بکەم.

*** ئامۆژگاریت چییە بۆ بچووکان کە رۆژێك لە رۆژان دەیانەوی ببنە گۆڵچی لە خولی یانەکانی ئینگڵتەرە؟**

- من سەرەتا دەبێ ئاگادارییان بکەمەوە کە لە تۆپی پێ گۆڵچی لە هەموو هێڵەکان ناخۆشترە چونکە هەڵەی گۆڵچی زەقە و تووشی کارەسات دەبێت کەچی و یاریزانانی هێرشبەر چەندین گۆڵ بە فیرۆ دەدەن و لە کۆتاییدا گۆڵێك تۆمار دەکات و دەبێتە پالەوان.

*** کابیلۆ دەتوانی ئەو گری کۆرەبکاتەوە و دوای (٤٠) ساڵ بۆ جاری دووەم نازناوی مۆندیال بباتەوە؟**

- ئێمەش ئەوە ئاواتمانە و هەموو دەڵێن ئێمە پێویستیمان بە هەندێك چانس هەیە و گەر چانس یاوەرمان بێت ئەوە نازناوی مۆندیال دەبەینەوە، تیپەکەمان ماوەی (٨) ساڵە ئاستی زۆر بەرزە بۆیە بە دوارۆژی زێر ناوزەند دەکرا، ئێستا هەموو شتێك لەبارە ئاستمان باشە و دەتوانین متمانە بۆ خۆمان دروست بکەین.

*** هەستت بە کابیلۆ چۆن بوو، ئایا بەو راهێنەرە سەرسام بوویت؟**

- کابیلۆ راهێنەرێکی باش و بە توانایە و من لە ساڵی (١٩٩٥) واتا دوای (١٤) ساڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە بوویمە.

*** نازناوی مۆندیال هەموو یاریزانێك دەباتە لووتکە و تۆش چیت لە هەگبەدایە؟**

- یەکەم نازناوی جامی ئینگڵتەرەم لەگەڵ بۆرتسمۆس بردەوە لە وەرزی رابردوو کە ئەمەش ساتێکی خۆش بوو لە ژیانماندا دووەمیش ئەو کاتەی یەکەم بۆندم بۆ هات کە وەکو یاریزانێکی پیشەگر یاری بکەم، ئەو کاتەی کە یەکەمین جار یارییم بۆ هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە کرد ئێستاش شانازی بە هەر یارییەك دەکرێ کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە بەشدار دەبم نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە دوو ساڵ لەمەوبەر وای بۆ دەچووم کە کاتم وەکو یاریزان تەواو بوو، بەڵام من دەمەوێ خەون بە ژیان ببینم.










# فیلیپۆ ئینزاگی...٣٠٠ گۆڵ

## چەند نهێنیەکی تایبەتی لەژیانی ئینزاگی




"هیچ بەرگریکارێك ئەوی پێ ناگیرێ" ئەمە قسەی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل (پیلیە)یە دەربارەی فیلیپۆ ئینزاگی. ئینزاگی ئەو یاریزانەی جەماوەری میلان تا ئاستی شێت بوون خۆشیان دەوێت، بەیەکێك لە هێرشبەرە هەرە مەتەرسیدارەکانی ئەوروپا دادەنرێت.ئینزاگی کە بە پیپۆ _سوپەر پیپۆ ناسراوە، تەمەنی ٣٦ ساڵە بەڵام زۆری تەمەن نەبۆتە رێگر لەبەردەوام پیپۆ ئەوەتا مانگی ڕابردوو توانی گۆڵی ژمارە ٣٠٠ تۆمار بکات و رۆژ لەدوای رۆژ ئاستی لەبەرزبوونەوەدایە. ئینزاگی لە١٩٧٣/٨/٩ لەشاری بیاتشنزای ئیتاڵیا لەدایکبووە، درێژی باڵای ١٨١سم،درێسی ژمارە نۆ دەپۆشێت لەریزی یانەی میلان. لەژیانیدا یاری بۆیانەکانی بیاتشنزا، لیڤی،ڤیرۆنا،پارما،ئەتلانتا،یوڤانتس و میلان کردووە. ئینزاگی بەوە ناسراوە هەڵەی بەرگریکاران دەقۆزێتەوە و گۆڵ تۆمار دەکات.زۆرجاریش دەیەوێت فێڵ لەناوبژیوان بکات لەناو هێڵی سزا وەك ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٠ لەیاری نێوان ئیتاڵیا و تورکیا خۆی بەردایەوە و ناوبژیوان کردیە لێدانی سزا و ئیتاڵیا دوو بە یەك بردیەوە هەر ئەو کات ڕۆژنامەکان نووسیان:ئینزاگی فێڵبازە. دەڵێن پیپۆ ناوبژیوانان ماندوو دەکات، لەبەرئەوەی بەردەوام لەناوچەی ئۆفساید دایە و ناوبژیوان لەوە دەترسێت هەڵەیەك بکات و ئینزاگی گۆڵ بکات،لەلایەکی ترەوە بەردەوام ئینزاگی لە نزیك گۆڵچی تیپی بەرامبەر دەوەستێت بۆ سوود وەرگرتن لەهەر هەڵەیەکی گۆڵچی. بەهۆی ئەوەی بەزۆری لەناوچەی ئۆفساید دایە،ڕاهێنەری یانەی مانچستەر فێرگسۆن دەڵێت"ئینزاگی لە ناوچەی ئۆفساید لەدایکبووە" ئەفسانەی پێشووی هۆڵەندا کرۆیف بەم شێوەیە باس لە ئینزاگی دەکات"تۆپی پێ نازانێت،بەڵام دەزانێت لەشوێنی گونجاو بوەستێت و گۆڵ تۆمار بکات" . دایکی ئینزاگی ناوی (مارینا)یە و باوکیشی ناوی (جیانکارلۆ)یە. برایەکی هەیە کەلەشێوەدا بەیەك دەچن ناوی (سیمۆنی ئینزاگی)یە کە ئێستا لەیانەی لازیۆ یاری دەکات. دایکی ئینزاگی پێش ئەوەی کوڕەکەی ببێتە یاریزان سەیری یاری تۆپی پێی نەدەکرد،بەپێچەوانەوە دوای ئەوەی کوڕەکەی دەبێتە یاریزانێکی ناودار ئەویش دەبێتە یەکێك لەشەیدایانی تۆپی پێ. بەڵام جیانکارلۆ پێشتریش ئارەزوویەکی زۆری بینینی یاری تۆپی پێی هەبووە. مارینا دەڵێت"کوڕەکەم کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە و عاشقی یاریکردنە بەجۆرێك ناتوانێت بژیت بەبێ تۆپی پێ". هەموو جارێك کە هەردوو براکەم بەرامبەر یەکتر یاری دەکەن داوا لە یاریزانانی یانەکەیان دەکەن ئازاری براکەیان نەدەن. ئینزاگی سەیری هەموو ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانە دەکات کە باسی ئەو دەکەن و هەموو رۆژنامە و گۆڤارێکیش دەخوێنێتەوە کە شتێکی تێدا نووسرابێت و تایبەت بێت بە خۆی. سوپەر پیپۆ وێڕای خوێندنەوەی گۆڤاری وەرزشی،سەیری هەواڵ و ڕووداوەکانی جیهانیش دەکات. سینەما یەکێك نییە لە ئارەزووەکانی،دیبلۆمی هەیە لە ژمێریاری و بۆ جلوبەرگ ڕەنگی ڕەش و شینی پێ جوانە. ئینزاگی حەزدەکات زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ خێزانەکەی و هاوڕێکانی بەسەر ببات بۆ پشوودانیش ڕوودەکاتە کەنار دەریاکان. پێش یاریکردن گوێ لە موزیك و گۆرانی ئیتالی دەگرێت، کاتێك یاریەکە دەباتەوە دووبارە گوێ بیستی ئەو موزیك و گۆرانیانە دەبێتە. وەك دایکی باسی دەکات پیپۆ زۆر نامەی بۆ دێت بەتایبەتی لەلایەن کچانی تازە پێگەیشتوو. ئێستا هەندێك لەژیانی تایبەتی دووردەکەوینەوە و دێینە سەرباسی سەر باسی گرنگترین ڕووداوی وەرزشی لەژیانی ئینزاگی لەم ساڵەدا،ئەویش تۆمارکردنی گۆڵی ژمارە ٣٠٠ بوو لە خولی ئیتاڵیادا. دوای ئەوەی لەمانگی ڕابردوو بەرامبەر ئەتلانتا هاتریك تۆمار دەکات،لەیاری بەرامبەر سیەنا توانی دوو گۆڵ تۆمار بکات و ژمارەی گۆڵەکانی بکاتە ٣٠٠،دوای تۆمارکردنی ئەو گۆڵە ئینزاگی درێسێکی بەرزکردەوە کە لەسەری نووسرابوو:٣٠٠، دوای یاریەکە ئینزاگی گوتی"یەکەم ئامانجی ئێستام هەوڵدانە بۆ بەشداریکردنی میلان لەخولی یانە پاڵەوانەکاندا بۆ وەرزی داهاتوو،دواتر شکاندنی ژمارەی پێوانەیی رۆبەرتۆ باجیۆی ئەفسانەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کە ٣١٨ گۆڵی هەیە. بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی ئەوروپا ئینزاگی یەکەم یاریزان بوو کە توانی ژمارەی پێوانەیی گیرد مۆلەری ئەڵمانی بشکێنێت لەڕووی زۆرترین گۆڵ لەسەرجەم پاڵەوانیەتیە ئەوروپیەکاندا،کاتێك گۆڵی ژمارە ٦٢ ی تۆمار کرد،ئێستاش خاوەنی ٦٧ گۆڵە، بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیاش ٥٠ یاری ئەنجام داوە و ٢٥ گۆڵی تۆمارکردووە. ئەگەر سەیری ئەو ژمارانە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە پیپۆ گۆڵکارێکی چەند بەتوانایە بەتایبەتی بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر یاریزانی ناوداری ئەوروپی و جیهانی لەخولی ئیتاڵیا و وڵاتانی تری ئەوروپادا،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پیپۆ گۆڵکارێکی بێ وێنەیە. رۆژنامەنووسێك لەئینزاگی دەپرسێت:

جوانترین گۆڵی تۆ کامەیە؟ بە بێ بیرکردنەوە سوپەر پیپۆ وەڵام دەداتەوە" گۆڵی دووەمم بەرامبەر لیڤەرپوول لەیاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ دا کە لەشاری ئەسینا ئەنجام درا،کاکا زۆر بە جوانی تۆپەکەی دا بە من بەڵام ئاسان نەبوو بۆ من بۆ ئەوەی بیکەم بە گۆڵ باش بوو گۆشەیەکی گونجاوم دۆزیەوە و گۆڵم تۆمار کرد.

دوای ئەو گۆڵە بۆ ماوەی دە ڕۆژ نەخەوتم ئەمە قسەیەکە لەوانەیە زۆر کەس بڕوای پێ نەکات"

ئینزاگی حەزدەکات ببێتە نموونە بۆ گەنجانی ئێستا،کاتێك دیڤید بێکهام ئینزاگی بەراورد دەکات بە یاریزانی پێشووی ئینگلیز گاری لینیکر،پیپۆ دەڵێت" زۆر خۆشحاڵم بەو بەراوردکردنەی بێکهام، لەمنداڵیەوە من یەکێك بووم لە هەوادارانی گاری لینیکر".ئەدریانۆ گالیانی بەم شێوەیە باس لە ئینزاگی دەکات"بەردەوام ئاستی لەبەرزبوونەوە دایە و گۆڵی سەرنج ڕاکێش تۆمار دەکات. بەم دواییە سەلماندی کە هێشتا توانای گۆڵکرنی هەیە". ماوەتەوە بڵێین سەرەڕای بەدەستهێنانی جامی جیهانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیادا،فیلیپۆ ئینزاگی خولی ئیتاڵیا و جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جامی ئیتاڵیا و جامی یانەکانی جیهانی لەگەڵ یانەی میلان بەدەستهێناوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێش: ئایا بۆچی دوای بەدەستهێنانی ژمارەیەك دەستکەوت و تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر گۆڵ و شکاندنی ژمارەی پێوانەیی، ئینزاگی هیچ خەڵاتێکی جیهانی پێ نەدراوە، لەوانەیە ئەمە زوڵمێك بێت کە لەئینزاگی کراوە،لەبەر ئەوەی شتی وای کردووە کە پێشتر یاریزانێکی تر نەی توانیوە بیکات.




ئامادەکردنی:هێمن نەبی